# هایدیگەر و ئۆنتۆلۆجی شیعر

## د. محەمەد کەمال

بایەخدانی مارتن هایدیگەر بە شیعر، لەسەر زەمینەی شیکردنەوەی بوونگەرانەی بوونی مرۆڤ (دازاین) و پرۆژەی ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی ڕادەوەستێت. شیعر بە تەنیا شێوازێکی هونەریی نییە و لە دوو لایەنەوە؛ یەکەم لە بوونی مرۆڤەوە، دووەم لە دەرخستنی ڕاستی بوونەوە بە ئۆنتۆلۆجییەوە بەستراوە.[1]

پرۆژەی ئۆنتۆلۆجیی بنەڕەتی، گەورەترین پرۆژەی فەلسەفیی هایدیگەرە، کە لە پەرتووکی (بوون و کات) دا دامەزراوە و بە درێژایی تەمەنی کاری لەسەر کردووە. ئەم پرۆژەیە لە شیکردنەوەی بوونگەرانەی مرۆڤەوە بە میتۆدێکی فینۆمینۆلۆجییانەی هێرمینیۆتیک دەستپێدەکات؛ تاکو لەوێوە لە تێگەیشتن لە بوونی مرۆڤەوە بە (بوون) بەگشتی بگات. من لەم نوسراوەدا باسی ئەم پرۆژە ئۆنتۆلۆجییە ناکەم، بەڵکو تێگەیشتنی هایدیگەر لە هونەری شیعر بە پرۆژەکەوە گرێدەدەم. لەوێوە، هەوڵدانەکەی بۆ ڕاڤەکردنی واتای (شیعر)، یان ئەم هونەری دەربڕینە، ڕووندەکەمەوە. لەڕاستیدا پرۆژەی ئۆنتۆلۆجیی بنەڕەتی؛ وەکو هەوڵدانێک بۆ ناسینی ڕاستی (بوون)، شۆڕشێکی فەلسەفییە بەسەر نەریتی درێژخایەن و زاڵبووی مێتافیزیکدا. ئەو نەریتەی لە ئەفلاتونەوە بۆ نیتشە ماوەتەوە و بۆتە هۆکاری (لەبیرچوونی بوون). سەقامگیرکردنی تەکنەلۆجیا و کولتوورێکی بازاڕی لە سەردەمەکەماندا. مەبەستی هایدیگەر لە دانانی پرۆژەکەیدا، کۆتایهێنانە بە مێتافیزیک و گەڕانەوەیە بۆ ئۆنتۆلۆجی (فەلسەفەی بوون)؛ تاوەکو لەو کۆتاییەوە بیرکردنەوەی فەلسەفی سەردەمەکەمان بە سەرەتایەکی نوێ بگات.

بیرکردنەوەی فەلسەفی سەردەم، کە سەر بە نەریتی مێتافیزیکە، لەبیرچوونی بوون و تەکنەلۆجیایە، تەنیا پێویستی بە فەلسەفە (وەکو پرۆژەی ئۆنتۆلۆجیی بنەڕەتی) نییە. بۆ سەرکەوتنی شۆڕشەکە، پێویستە بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە بگەڕێینەوە و تاجی مەزنیی بخەینە سەری؛ لەبەر ئەمە سەردەمەکەمان جگە لە (فەلسەفە؛ وەکو ئۆنتۆلۆجی) پێویستی بە هونەرە بەگشتی و شیعر بەتایبەتی؛ چونکە شیعر وەکو فەلسەفە بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە. سەرباری ئەمە، شیعر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە زمانەوە هەیە، کە شێوازێکی سەرەکی و گرنگە بۆ

---

[1] بایەخدانی هایدیگەر بە شیعر لە سەردەمی وانەگوتنەوەکانی لە ماڵبۆرگ ١٩٢٣-١٩٢٨ دەستپێدەکات. دوایی لە ساڵی ١٩٢٥ لە فرایبۆرگ لە وانەکانیدا لەسەر مێتافیزیک بۆ چەمکی شیعر لە زمانی یۆنانیدا گەڕاوەتەوە و هاوتەرازی بیرکردنەوەی فەلسەفییانە دایناوە. پاش ئەم قۆناخە، چەند وانەیەکی بۆ شیعرەکانی هۆڵدەرین ئامادەکردووە، لە ڕوانگەی بۆچوونە فەلسەفییەکەوە باسی شیعری کردووە.

دەربڕینی ڕاستیی بوون. هەڵبەتە لێرەدا هایدیگەر وەک هیگڵ شیعر بە شێوازێکی هونەریی بەرز دادەنێت؛ بەڵام هۆکارەکەی جیاوازە. بۆ هیگڵ ئەو هونەرەی لە (ماتەر)، یان لەلایەنی دەرەکی و شوێنەوە نزیکە لەو هونەرە نزمترە، کە لە ماتەرەوە دوورە و زۆرتر بە لایەنی خۆیەتییەوە بەستراوە. بۆ نموونە پەیکەرێک لە تابلۆیەکی ڕەنگین یان هێڵکاری نزمترە، چونکە پەیکەر سێ ڕەهەندی هەیە، زۆرتر دەرەکییە و کەمتر هەستکردنی تێدایە. تابلۆکە دوو ڕەهەندییە و زۆرتر پەیوەندیی بە خۆیەتی هونەرمەندەکەوە هەیە. هونەری مۆسیقا لە تابلۆکە بەرزترە، چونکە پەیوەندی کەمتری بە ماتەر و (شوێن)ەوە هەیە و زۆرتر سەر بە خۆیەتی و (کات)ە.

شیعر لەنێو ئەم شێوازانەدا لە هەموویان بەرزترە، کە بەتەواوی دەبێت بە هونەرێکی نێو (خۆ) و کات. بۆ هایدیگەر گرنگی شیعر لەنێو ئەم شێوازە هونەرییانەدا، بە پەیوەندی و خۆبەستنەوەی بە (شوێن)، یان (کات)ەوە نییە و دەکەوێتە سەر گرنگی (زمان) بۆ بوون و لەدایکبوونی شیعر لەنێو زماندا. جگە لەمە، شیعر، وەکو فەلسەفە،[2] بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت هیچ جاوازییەک لەنێوان شیعر و فەلسەفەدا نەبێت و هایدیگەر ئاماژە بۆ جیاوازی و لێکچوونیشیان دەکات. لێکچوونەکەیان بۆ یەکەمجار لە فەلسەفەی یۆنانی پێش-سوکرات، بەتایبەتی لە فەلسەفەی پارمەنیدس و هیراکلیتسدا دەرکەوتووە. شیعرەکانی سۆفۆکلیسیش (ناوەڕۆکی فەلسەفییان) هەبووە.[3]

لەم بەراودکردنەدا (ناوەڕۆکی فەلسەفی) دەبێت بە زەمینەی لێکچوونەکەیان. تێگەیشتنی ئێمە لە واتای ئەم ناوەڕۆکە، لەبەر ڕۆشنایی پرۆژە ئۆنتۆلۆجییەکەی هایدیگەردا دەبێت بە (ڕاستی بوون). شیعر، وەکو بیرکردنەوەی فەلسەفییانەی ئۆنتۆلۆجی، ڕاستیی بوون دەردەخات و داوامان لێدەکات ئەو ڕاستییە بناسین. هەڵبەتە هەموو شیعرێک خاوەنی ئەو ناوەڕۆکە نییە، بۆیە دەکرێت لەسەر ئەم بناخەیە دوو جۆر شیعر دیاریبکەین، ئەو شیعرەی ڕاستی بوون دەناسێنێت و ئەوەی ڕاستییەکە ناناسێنێت و بوونی لەبیرچووە. یەکەمیان شیعری ڕەسەن و دووەمیان ناڕەسەنە و سەر بە کەلتوورە بازاڕییەکەیە. لەهەمانکاتدا شیعر و فەلسەفە جیاوازن؛ بیرکردنەوەی فەلسەفی ڕاستەخۆ ئاماژە بۆ ڕاستییەک دەکات و دەریدەخات، شیعر لەنێو پۆشاکێکی هونەرییدا ڕاستییەکە دەردەبڕێت و ڕاستەوخۆ نایگەیەنێت. جوانی و بەرزێتی شیعر تەنیا لە شێوازی دەربڕیندا نییە، دەکەوێتە سەر دەربڕینی ڕاستییەکەش. ڕازاندنەوەی ڕاستییەکە لە پۆشاکی دەربڕینەکەدا میتۆدی شیعر و فەلسەفە لەیەکدی جیادەکاتەوە و ڕێگە بە ئێمە نادات هەردووکیان بکەین بە خاوەنی شوناسێک، "هەموو

---

[2] مەبەستم فەلسەفەی ئۆنتۆلۆجییە، ئەو فەلسەفەیەی هایدیگەر پێناسەیدەکات و بە دژە-میتافیزیکی دادەنێت؛ نەک هەموو جۆرە فەلسەفەیەک.

[3] Martin Heidegger, *An Introduction to Metaphysics*, translated by Ralf Manheim, New Havens, Yale University Press, 1987, p. 144.

بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی، بەتایبەتی ئەوانەی قووڵترینن، لەنێو خۆیاندا شیعریین؛ بەڵام هێشتا نابن بە هونەری شیعر. بەهەمان شێوە، بەرهەمی شیعری؛ وەکو سرودەکانی هۆڵدەرلن، خاوەنی هزری بەرزن، بەڵام فەلسەفە نین". [4]

وەکو لە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، سەرباری جیاوازییەکانیان، شیعر و فەلسەفە، بۆ هایدیگەر سەر بە بیرکردنەوەی داهێنەرانەن، کە لە بیرکردنەوەی زانستییانە، بۆ نموونە (ژمێریار)ییەوە جیاوازە. لە سەردەمی تەکنەلۆجیادا بیرکردنەوەی زانستییانە؛ نەک داهێنەرانە، زاڵە و توانیویەتی لەگەڵ خۆیدا کەلتوورێکی بازاڕی بهێنێتەکایەوە. لەنێو کەلتووری بازاڕیدا، کە تاکەکان شوێنی دەکەون، بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەوری نامێنێت و وەکو نا-پێویست دەردەکەوێت. کەمکردنەوە، یان لەناوبردنی ڕۆڵی بیرکردنەوەی داهێنەرانەش دەبێتە هۆکاری دروستکردنی کۆمەڵگایەک تاکەکانی کاتێک کە لەسەر ڕووداوەکان دەدوێن وەک یەکدی بیردەکەنەوە؛ چێژ لە یەک جۆر بەرنامەی تەلەفزیۆنی وەردەگرن؛ هەموویان زمانێکی لەکارکەوتوو، کە هیچ ڕاستییەکە دەرناخات، بەکاردەهێنن. [5] لەنێو کەلتووری بازاڕیدا بیرکردنەوەی داهێنەرانە ئامادەبوونی نییە و بە (پێویست) دانانرێت؛ بەڵام ئامادەنەبوونی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە نێو کەلتوورەکەدا ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە پێویستمان بە بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە؛ چونکە ئامادەنەبوونەکەی دەبێتە هۆکاری نامۆبوون و سەرهەڵدانی شێوازی بوونی ناڕەسەنانە. ئامادەبوونەکەشی دەبێت بە ڕێگە چارە بۆ لەناوبردنی نامۆیی و گۆڕانی شێوازە ناڕەسەنەکەی بوونی مرۆڤ.

بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی شیعر، وەکو ئامادەبوونی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، هایدیگەر واتای شیعر و تەکنەلۆجیا لە زمانی کۆنی یۆناندا شیدەکاتەوە. بە دیدی ئەو، ئێمە بە هەڵە لە واتای ئەم چەمکانە تێگەیشتووین. واتای چەمکی (*techne*) تەکنە لە واتای چەمکی (*poiesis*) شیعر جیانابێتەوە. هەردووکیان واتای (bringing-forth) دەر-هێنان، یان داهێنان دەگەیەنن. [6] مەبەست لەم شیکردنەوە زمانەوانییە دامەزرزندنی پەیوەندیی شیعر و بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە. شیعر لە زمانی یۆناندا، بەو جۆرەی هایدیگەر باسیدەکات، (هۆنینەوە، هۆنراوە، هەڵبەست لە زمانی کوردی و شیعر لە زمانی عەرەبیدا نییە)، بەڵکو واتای (داهێنان) دەبەخشێت.

ئەگەر شیعر بیرکردنەوەی داهێنەرانە، یان داهێنان بێت، کە مرۆڤی ڕەسەن خاوەنێتی؛ ئەوا شیعر بۆ سەردەمەکەمان پێویستە، یان ئامادەبوونی شیعر ئامادەبوونی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و

---

[4] Martin Heidegger, *Elucidation Holderlin's Poetry*, (ed.) Keith Holler, Humanity Books, 2000, p. 13.

[5] بۆ تێگەیشتن لە واتای زمانی (لەکارکەوتوو)، کە زمانی ڕۆژانەی تاکە ناڕەسەنەکانی نێو کلتووری بازاڕییە، بڕوانە:مارتن هایدیگەر، **بوون و کات**، وەگێڕانی د. محەمەد کەمال، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠-٩٣، کورتەبەشی ١٦٨، ل ٢٤٤.

[6] Martin Heidegger, 'The Question Concerning Technology. In *Basic Writings*, revised and expanded edition by David Farrell Krell, London, Routledge, 1996, p. 31.

ڕەسەنێتیی بوونە. هایدیگەر بۆ سەلماندنی پێوستی ئامادەبوونی شیعر نموونەی شیعرێکی هۆڵدەرلن بە ناوی ( *نان و شەراب*) دەهێنێتەوە،

لەم کاتی نەهامەتییەدا
چی پێویستییەکمان بە شاعیرانە؟[7]

ئامادەنەبوونی شیعر لە کاتی نەهامەتیدا پێویستییەکە بەرجەستەدەکات. لێرەدا (شاعیرەکان)، کە لە دێرێکی دیکەی شیعرەکەدا دەردەکەوێت، بۆ هۆڵدەرلن دەبن بە (خواکان)، یان مرۆڤە داهێنەرەکان. ئامادەنەبوونی شیعر لە هەڵهاتنی خواکانەوە پەیدادەبێت، نەهامەتییەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە هەڵهاتنەکەوە هەیە. ئامادەبوونی شیعریش ئامادەبوونی خواکانە، کە تاجی دەستەڵات دەخەنە سەر بیرکردنەوەی داهێنەرانە.
شیعر؛ وەکو بیرکردنەوەی داهێنەرانە، یان ئەو شیعرەی؛ وەکو بیرکردنەوەی داهێنەرانە ڕاستی بوون دەردەخات ئامادەبوونی خواکانی هۆڵدەرلنە؛ تاکو کۆتایی بە نەهامەتییەکە بهێنێت. "ئامادەبوونی شاعیر لە سەردەمی نەهامەتیدا پێویستە، ئەو گۆرانی بۆ ئاسەواری خوا هەڵهاتووەکان دەڵێت و شەوی نەهامەتی پیرۆزدەکات."[8] شەوی نەهامەتی پیرۆزدەکات، چونکە دەزانێت خواکان لەگەڵ خۆیاندا بەرەبەیان دەهێنن و بە هاتنی ئەوان، کۆتایی بە تاریکیی شەو دێت. هۆڵدەرلن دەنووسێت:

ئاگر، وەرە
دەمانەوێت بەرەبەیانێک ببینین.[9]

کۆتاییهێنان بە نەهامەتی و هەژاری لە ناسینی ڕاستیدا ئەرکی بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە و پرۆژەیەکی شاعیرانەیە. لەنێو ئەم نەهامەتییەوە شیعر ئامادەبوونی خواکان نیشاندەدات و مژدەی بەرەبەیانێکی نوێ دەدات؛ کەوابوو، شیعر هێندەی پرۆژە ئۆنتۆلۆجییەکە بۆ ڕەتدانەوەی بیرکردنەوەی میتافیزیکییانە، کە بووە بە بنەمای کەلتوورە بازارییەکە، پێویستە. لەم تێگەیشتنەوە، شیعر دەبێت بە هێزی ڕزگارکەر و ناوەڕۆکی هەموو جۆرەکانی دیکەی هونەر. "شیعر سروشتی هونەرە. سروشتی شعریش دەرخستنی ڕاستییە."[10]

---

[7] Martin Heidegger, 'What are poets for?', in *Poetry, Language, Thought*, translated by Albert Hofstadter, New York, Harper and Row, 1971, p. 89

[8] هەمان سەرچاوە.

[9] ئەمە پارچەیەکە لە (سروودی ئیستەر) بڕوانە:
Martin Heidegger, *Holderlin's Hymn "The Ister"*, translated by William McNeill and Julian Davis, Bloomington and Indianapolis, Indiana University press 1996, p.7.

[10] Martin Heidegger, 'The Origin of the work of Art', in *Off the Beaten Track*, edited and translated by Julian Young and Kenneth Haynes, Cambridge, Cambridge University Press, 2002, p.45.

ئەگەر شیعر خاوەنی ئەم ناوەڕۆکە یان سروشتە بێت و ڕاستی بوون دەربخات؛ ئەوا فەلسەفییانە دەڕوانێتە جیهان؛ چونکە ئەو ناوەڕۆکە فەلسەفییانەیە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پەیوەندییەی نێوان شیعر و ناوەڕۆکی فەلسەفییانە هایدیگەر ڕوو لە شیعرەکانی هۆڵدەرلن دەکات و سێ زنجیرە وانەی لەسەر (ڕاینە جێرمەنیا، بیرکەوتنەوە و ئیستەر) لە ساڵانی (١٩٣٤،١٩٣٥،١٩٣٦،١٩٣٨ و ١٩٤٢) بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکردووە. جگە لەم وانانە، لە چەند کۆڕ و نووسراوێکی دیکەدا باسی شیعر و بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ناوەڕۆکی فەلسەفییانەی شیعر کردووە.

وانەکانی هایدیگەر لەسەر هۆڵدەرلن، چەشنی وانەکانی لەسەر فەلسەفەی نیتشە، جەخت لەسەر گرنگی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بۆ ڕەتدانەوەی کەلتووری بازاڕی و نەریتی مێتافیزیک دەکات، بەڵام خوێندنەوەی هایدیگەر بۆ هۆڵدەرلن و نیتشە جیاوازە. ئەو، نیتشە بە دوا بیریاری نەریتی میتافیزیک دادەنێت؛ واتە بۆ هایدیگەر، نیتشە بەتەواوی نەیتوانیوە نەریتەکە ڕەتبداتەوە و بە قۆناخی (پاش-میتافیزیک)مان بگەیەنێت. لەگەڵ بانگەشەکردنی بۆ (ویستی هێز) وەکو ڕاستەقینەی بنەڕەتی، نیتشە خۆی دەکات بە بیریارێکی مێتافیزیک. بەپێچەوانەشەوە، هوڵدەرلن شاعیرانە کەلتووری بازاڕی، یان نەهامەتییەکە ڕەتدەداتەوە و داوای بەرەبەیانێکی نوێ دەکات.

سەردەمی تازەگەری یان ئەو نەهامەتییەی هۆڵدەرلن لە شیعرەکەیدا (نان و شەراب) ئاماژەی بۆ دەکات، پرۆژەیەکی مێتافیزیکییانەیە، چونکە (ڕاستی بوون)ی لەبیرکردووە و لەهەمانکاتدا کەلتوورێکی بازاڕی دامەزراندووە، کە تیایدا بیرکردنەوەی داهێنەرانە خراوەتە نێو پەراوێزەوە.

هەڵبەتە هایدگەر تاکە بیریار نییە ڕەخنەی لە تازەگەری گرتبێت. بیریارانی وەک ماکس هۆرکایمەر، تیۆدۆر ئەدۆرنۆ و چەند بیریارێکی دیکە، هەمان هەڵوێستیان بەرانبەر تازەگەری و ڕۆشنگەری هەبووە. هۆرکایمەر و ئەدۆرنۆ، کە سەر بە فێرگەی فرانکفۆرتن، لە پەرتووکەکەیاندا (دیالێکتیکی ڕۆشنگەری) باسی سەرنەکەوتنی ڕۆشنگەری و سەرهەڵدانی کەلتووری بازاڕییان کردووە. بۆ ئەم دوو بیریارانە، ڕۆشنگەری نەیتوانیوە سەربەستی مرۆڤ مسۆگەر بکات، بەڵکو کەلتوورێکی هێناوەتەکایەوە، کە بووەتە هۆکاری دامەزراندنی ڕژێمێکی تۆتەلیتار و لەناوبردنی سەربەستی.

هایدیگەر سەرنەکەوتنی پرۆژەی ڕۆشنگەری بە نەریتی مێتافیزیکەوە دەبەستێتەوە، کە بە دیدی ئەو، ئەم نەریتە لە سەردەمی ئەفلاتونەوە نەک تازەگەری، بە درێژایی مێژووی بیرکردنەوە، بەردەوام ماوەتەوە و ڕاستی بوونی لەبیرکردووە. ئەم نەریتە بارودۆخێکی دروستکردووە، کە بوونی مرۆڤ و (بوون) بەگشتی لەنێویدا نامۆ بووە. لەنێو ئەم بارودۆخەدا، شیعر هاوشانی فەلسەفەی ئۆنتۆلۆجییانە، نەک مێتافیزیک، لە دوو سەرەوە پەیوەندی بە ڕاستی بوونەوە هەیە. یەکەم، شیعر لە بوونی ڕەسەنی (دازاین) مرۆڤەوە بەرجەستەدەبێت و دووەم، ڕاستی بوون دەردەخات. لەم ڕوانگە

ئۆنتۆلۆجییەوە شیعر بوونی مرۆڤ لەنێو جیهاندا دەکات بە بوونێکی شاعیرانە و هۆڵدەرلن ئەم شێوازی بوونە بەم شێوەیە دەردەبڕێت:

مرۆڤی خاوەن پلە و پایە
شاعیرانە
لەسەر زەمین نیشتەجێ دەبێت.[11]

ئایا مەبەست لە نیشتەجێبوونی شاعیرانە چییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە و تێگەیشتن لە واتای (نیشتەجێبوون) بۆ پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجییانەی (بوون-لەنێو-جیهان) دەگەڕێمەوە. ئەم پێشمەرجە دەریدەخات، کە بوونی مرۆڤ لەنێو جیهاندایە. ئەمە بوونی مرۆڤ بە تەنیا ناکات بە هەبوویەکی جیهانی، بەڵکو شێوازی بوونیشی لەنێو جیهاندا دیاریدەکات. بوونی مرۆڤ، وەکو بوونی (مێز) لەنێو جیهاندا نییە، ئامادەبوونێکی ئاگامەندانەی بە نیگەرانییەوە هەیە، کە بەو ئاگایی و نیگەرانییەوە جیهان دەکات بە هەوارگەی خۆی، "چەمکی داهێنراوی (جیهانی) بۆ جۆرێک لە بوون دادەنرێت، کە سەر بە دازاینە و هەرگیز بۆ بابەتە دەرەکییەکانی نێو جیهان بەکارنایەت. بە بابەتە دەرەکییەکان دەڵێین (سەر بە جیهانن)، یان (لەناوەوەی جیهاندان). ئاوەڕدانەوەیەک لە ئۆنتۆلۆجییە کۆنەکە ئاشکرایدەکات، ئەگەر (بوون-لەنێو-جیهان) بۆ حاڵەتی دازاین دانەنرێت، دیاردەی جیهانێتی نابینرێت."[12] (بوون-لەنێو-جیهان)ی مرۆڤ، جیهانێتییە. جیهانێتی جیهانی داهێنراوی ئەوە، یان بە جیهانیکردنی جیهانە، کە تەنیا مرۆڤ دەتوانێت بیکات بە پرۆژە. لەم ڕووەوە مرۆڤ خاوەنی جیهانە و هەبووەکانی دیکە سەر بە جیهانن، "بەرد خاوەنی جیهان نییە، بەهەمان شێوە، ڕووەک و ئاژەڵەکان جیهانیان نییە و لەوێدا دەژین، کە تیایدا دانراون. ژنێکی جوتیار، بەپێچەوانەی ئەوانەوە، خاوەنی جیهانە، چونکە لەنێو بوونێکی کراوەدا دەژی".[13] جیهان لەم واتا بوونگەرایەتییەوە (سروشت) نییە و نیشتەجێ-بوونێکی شاعیرانەی دازاینە.

بەدڵنیاییەوە، مەبەست لەم واتایەی جیهان ئەوە نییە، کە هەبووەکان (بەرد، ڕووەک و ئاژەڵ) لەنێو جیهاندا نین. ئەوان لە نێو جیهاندان؛ بەڵام جیهان بۆ ئەوان سروشتە و (جیهانێتی)، یان جیهانی بەجیهانیکراو نییە. (بوون-لەنێو-جیهان) بۆ مرۆڤ بەتەنیا بوون لەنێو سروشت نییە. مرۆڤ ئاگامەندانە و بەنیگەرانییەوە لەنێو جیهاندایە و جیهان دەکات بە هەوارگەی خۆی؛ وەکو ژنە جوتیارەکە لەنێو بوونی کراوەدا دەژی و بەردەوام بوونی خۆی و زەمین جێدەهێڵێت و ڕوو لە

---

[11] Martin Heidegger, ‘...Poetically Man Dwells…’ in *Poetry Language Thought*, translated and introduction by Albert Hofstadter, New York, Harper and Row, 1975, p. 217.

[12] مارتن هایدیگەر، **بوون و کات**، کورتەبەشی ٦٥، ل ١٢٣.

[13] Martin Heidegger, ‘The Origin of the Work of Art’, in *Off the Beaten Track*, p. 23.

داهاتوو دەکات. هۆڵدەرلن بەم شێوەیە ئەم شێوازی نیشتەجێبوونە دەردەبڕێت:

ئەگەر مرۆڤ بیزانیایە
ژیان ڕەنجە
چاوەکانی دەکردەوە و
ئەو پرسیارەی لە خۆی دەکرد.
حەزم دەکرد هەبوومایە؟
مرۆڤی دڵپاک
پڕ بەزەیی
خەمبارانە خۆی بە قەد خوادا ناپێوێت.
تۆ بڵێی خوا نەناسرابێت؟
یان چەشنی ئاسمانی ڕووناک نەبینرابێت؟
باوەرم بە دووەمیان دەبێت.
(ئەو) پێوەری مرۆڤی خاوەن پایەیە
مرۆڤی خاوەن پلە و پایە
شاعیرانە
لەسەر زەمین نیشتەجێ دەبێت.[14]

لە دوا دێڕی ئەم شیعرەدا سێ چەمکی گرنگ (شاعیرانە، زەمین و نیشتەجێبوون) بەکارهێنراون، کە هایدیگەر فەلسەفییانە واتاکانیان شیدەکاتەوە. پێش ڕوونکردنەوەی واتاکانیان، ئاماژە بۆ چەند چەمکێکی دیکە دەکەم، کە هایدیگەر لە نوسراوێکیدا بە ناوی (*Building Dwelling Thinking*) بۆ تێگەیشتن لە نیشتەجێبوونی شاعیرانە کاری لەسەرکردوون. نیشتەجێبوونی شاعیرانەی دازاین چوار ڕەهەندی هەیە، یان کاتێک دەڕوانینە بوونی مرۆڤ لەنێو جیهاندا، چوار ڕەهەند دەبینین؛ مرۆڤە تەمەن کورتەکان، خواکان، زەمین و ئاسمان.[15] خواکان واتایەکی ئایینی، یان تیۆلۆجییان نییە و ئەو خوایانەن ئامادەنەبوونیان نەهامەتی و بێ دەرامەتیی کەلتوور و شارستانییەت قووڵتر دەکات. ئەو پاڵەوانانەن کۆتایی بە سەردەمی نەهامەتی دەهێنن و هۆڵدەرلن گوتەنی، شاعیرەکانن. زەمین و ئاسمان، ئەگەر ڕەهەندی (کات)یان پێبدەین و بە (شوێن)ەوە نەیانبەستینەوە، دەبن بە (ئێستا) و (داهاتوو). لەنێو شوێنیشدا جیهان و بەجیهانیکراون. جولیان یۆنگ ئەم چوار چەمکانە

---

14 Martin Heidegger, ‘ …Poetically Man Dwells…, in *Poetry Language Thought*, p. 217
15 Martin Heidegger ‘ Building Dwelling Thinking’, in *Poetry Language Thinking*, p. 141

تێهەڵکێشدەکات و لەنێو دوو چەمکدا (سروشت و کەلتوور) دایاندەنێت.[16] هەرچەندە ئەم تێهەڵکێشکردنەی یۆنگ دروستە، بەڵام بە دیدی من، چاکتر لە واتای چوار چەمکەکان تێدەگەین، ئەگەر بۆ (زەمین) و (جیهان) کورتیانبکەینەوە. ئەم کورتکردنەوەیەی باسیدەکەم، پەیوەندیی بە پرۆسەی هونەری و پەیوەندیی شاعیرانە یان نیشتەجێبوونەکەوە هەیە، کە هایدیگەر لە نوسراوێکی دیکەدا شیکردووەنەتەوە.[17]

مرۆڤ بوونەوەرێکی سەر زەمینە، بەڵام نیشتەجێبوونی ئەو لەسەر زەمین شێوازێکی جیاوازە و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە. ئەو ئاگامەندانە و بە نیگەرانییەوە لەسەر زەمین جیهان دروستدەکات و داهێنەرانە زەمین دەکات بەو جیهانەی خۆی دەیەوێت. ئەم گۆڕانکارییەی نێو شوێن بۆ بوونی مرۆڤ، لەهەمانکاتدا، ڕەهەندێکی کاتیی هەیە. ئەو بە گۆڕانی زەمین بۆ جیهان بوونی خۆی تێپەڕدەکات و ڕوو لە داهاتوو دەکات. مرۆڤ بەردەوام، لەسەر زەمین، وەکو بوونێکی خۆ-تێپەرکەر دەژی و خۆی لە داهاتوودا دەبینێت. بۆ ئەوەی بەداهاتوو بگات، پێویستە داهێنەرانە، یان شاعیرانە بژی. پرۆژەی شاعیرانە، کردنەوەی بوون و دەرخستنی ڕاستییەکەیەتی، "شیعر ڕێگە بە کردنەوەکە دەدات، بە جۆرێک، کە بۆ یەکەمجار ڕاستییەکە خۆی دەربخای".[18] شێوازی بوونی مرۆڤ لەسەر زەمین و بە جیهانکردنی دەبێت بە نیشتەجێبوونی شاعیرانە.

ئایا ئەم واتای نیشتەجێبوونە ئاماژە بۆ نیشتەجێبوونێکی دیکەی مرۆڤ، وەکو نا-شاعیرانە دەکات؟ ئەگەر وەڵامەکە پۆزەتیڤ بێت، پێویستە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا نیشتەجێبوونی نا-شاعیرانە چییە؟ گرنگە بزانین نیشتەجێبوونی نا-شاعیرانە، کە بەپێچەوانەی، نیشتەجێبوونی شاعیرانەوەیە، ئەو واتایە ناگەیەنێت، کە مرۆڤ لەنێو-جیهاندا نەبێت. بەڵام ئەم شێوازی نیشتەجێبوونە مرۆڤ ناکات بە خاوەنی جیهان. نیشتەجێبوونی نا-شاعیرانە پەیوەندی ناڕەسەنانە مرۆڤ لەگەڵ جیهاندا دەردەخات. پەیوەندیی ناڕەسەنانە لەسەر شێوازی ناڕەسەنانەی بوونی مرۆڤ ڕادەوەستێت. مرۆڤی ناڕەسەن سەر بە کەلتووری بازاڕییە و شوێن بەها و نەریتی باو دەکەوێت. شاعیرانە بیر لە بوونی خۆی و جیهان ناکاتەوە. ئەو داهێنەرانە جیهان ناکات بە هەوارگە و بەشداری لە پرۆسەی بەجیهانکردنی جیهان ناکات. ئەو جیهان وەکو بەها ئامادەکراو و باوەکان بەکاردەهێنیت؛ چونکە شاعیرانە بیرناکاتەوە؛ کەوابوو لەم هەڵوێستە نێگەتیڤەی مرۆڤی ناڕەسەنەوە تێدەگەین، کە شیعر بیرکردنەوەی داهێنەرانەی مرۆڤی ڕەسەنە، ئەو مرۆڤەی زەمین بۆ جیهان دەگۆڕێت.

---

[16] Julian Young, *Heidegger's Later Philosophy*, Cambridge, Cambridge University Press, 2002, p. 9.

[17] بۆ ئەم شیکردنەوەیەی هایدیگەر بڕوانە:
Martin Heidegger, 'The Origin of the Work of Art', in *Off the Beaten Track*, p. 24.

[18] هەمان سەرچاوە، ل ٤٥..

جگە لەمە، هایدیگەر نیشتەجێبوونی شاعیرانە بە چەمکی (پشودان)، یان فێستیڤاڵەوە دەبەستێتەوە. ئایا (پشودان) چی پەیوەندییەکی بە شیعرەوە هەیە؟ (پشودان) چییە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە پێویستە بڕوانینە جەنجاڵی و ونبوون لەنێو ژیانی ڕۆژانەی کارکردن و کەلتووری بازاڕییدا. مرۆڤ، لە ژیانی ڕۆژانەیدا، بەردەوام بۆ دەزگایەک کاردەکات، ئەو مامۆستا، پزیشک، ئەندازیار، یان کرێکارە. دەزگاکان جوڵانی مرۆڤ سنوورداردەکەن، بۆ بەرژەوەندی و سودی خۆیان دەیخزێننە نێو چوارچێوەی وەبەرهێنانەوە. مرۆڤ لەنێو ئەم بارودۆخەدا دەبێت بە بەشێک لە دەزگاکان. لە کاتی پشوداندا بارودۆخەکە دەگۆڕێت و ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانەی نێو کەلتوورە باوەکە دەپچڕێت. لە پشوداندا، مرۆڤ سەربەستانە بیر لە بوونی خۆی دەکاتەوە و بڕیار لەسەر پرۆژەکانی دەدات؛ واتە لە پشوداندا مرۆڤ لە ئاستی بوونی ڕەسەنی خۆی و سەربەستییەکەی بە ئاگا دێتەوە؛ بۆیە بۆ هایدیگەر، شاعیر ئەو مرۆڤەیە بەردەوام لە پشوداندایە.[19] شاعیر، کە خاوەنی بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە و شاعیرانە نیشتەجێ دەبێت، مرۆڤێکی ڕەسەنە و دەتوانێت لە کاتی نەهامەتییدا، مژدەی بەرەبەیانێکی نوێمان پێبدات. شیعر، لەم بۆچوونەوە؛ وەکو پرۆژەی ئۆنتۆلۆجیی بنەڕەتی، جێگە و ڕۆڵی خۆی لە ڕەتدانەوەی نەریتی میتافیزیکدا دیاریدەکات و دەبێت بە هێزی ڕزگارکەر.

د. محەمەد کەمال

- ئەم بابتە لە (بڵاوکراوەی گۆڤاری **شیعر**)دا، ژمارە (١) ساڵی (٢٠١٦)، سلێمانی، بڵاوکراوەتەوە.

[19] Julian Young, *Heidegger's Later Philosophy*, p. 59.